یەکگرتو بەبنەی سایادی کارەساتی ئەنفالەوە پەیامکی پنج خای بداوکاتو



مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامییی کوردستان لەپەیامکی پنج خایدا بەبنەی سایادی کارەساتی ئەنفالەوە رایدەگەیەنت، دوای تپەینی زیاتر لە 30 سا بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرمدا هشتا هاوتاییانی کوردستان و کەسوکاری قوربانییان خزمەتگوزاریەی سەرەتایەکانیشیان دەستەبەر نەبوەو پرسی دادپەروەری و مافەکانی هاوتاییبون لەژر پرسیاری گەورەدان.

مەکتەبی سیاسی یەکگرتو لەپەیامکدا باویکردتەوە، "گەلی کوردمان لە هەرمی کوردستان وبەوی چەندین هرش و پەلاماری رەشکوژی و جینسایدبوەتەوە، یەکك لەوانە جینسایدی بەناو ئەنفالە، لەساژی ئەم جینسایدەو پاش تپەینی 37 سا بەسەریدا هشتا برینەکان بەسن و کاریگەریەکانی بەردەوامن، زرك لە خواست و داواکاریەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان جبەجنەبون و ئەم کەیسە مرییی و نەتەوەیی گەورەیە لە ئاستی ناوخ و دەرەوە بەرەو پەراوزخستنی زیاتر ییشتوە".

ئەمەش لەو یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان و لەو ساڵانەی ئەم جینۆسایدەدا، داواکارین ئەم خاڵانەی کاری زیاتر و جیدی بۆ بکرێت:

یەکەم:
قەرەبووی مادی و مەعنەوی کەسوکاری ئەنفالکراوان بکرێتەوە کەو تاوەکو ئێستەش سەرەڕای دەرچونی بڕیار هێشتا مرەکەبی سەرکاغەزەو نەچوەتەو بواری جێبەجێبونەوە.

دووەم:
کاری تیم و دەزگایی و کرداریی سپۆنسەرکراو بکرێت بۆ بەجیهانناساندنی ئەم تاوانەو و بەو جینۆسایدناساندنی لەو ئاستی داموودەزگا فەرمییەو نێودەوڵەتییەکان.

سێیەم:
کاری زیاتری دیکۆمێنتاریی بەشێوازی جۆراوجۆر پەرەی پێبدرێت و بکرێتەو کەرەستەی بەدیهێنانی خواستەو لەوا نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پارێزبەندیی بۆ ئەوەی جارێکیتر جینۆساید بەرامبەر گەلی کورد ڕونەداتەوە.

چوارەم:
پرسەی وەرگرتنی نمونەی خوێن لەو کەسوکاری قوربانییان وەربگیرێ و هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانییەکان خێراتر بکرێت و پشکنینیDNA یان بۆ ئەنجام بدرێت ، تاوەکو بناسرێنەوەو کەسوکاریان دیاری بکرێت.

پێنجەم:
دەبو ئێستا چاکسازی لەداموودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا تەواوکرابایەو و دڵخۆکی پێ لەو

دادگەری و خۆشگوزەرانیی بۆ هاوڵاتیانی هەرێم بەگشتی و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی فەراهەم کرابایە ، بەداخەوە و دوای تێپەڕینی زیاتر لە 30 ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا هێشتا هاوڵاتیانی کوردستان و کەسوکاری قوربانییان خزمەتگوزارییەکانیشیان دەستەبەر نەبوە و پرسی دادپەروەری و مافەکانی هاوڵاتیبون لەژێر پرسیاری گەورەدان.